# <نموونە>
# پرۆتۆکۆلی ئاڵوگۆڕی زانیاریی (توندوتیژیی جێندەری)
# لە نێوان ئەو ڕێکخراوانەی داتا کۆدەکەنەوە

**سەرنج:** *ئەم پرۆتۆکۆلە سامپڵێکە بۆ بەکارهێنانی لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبردنی زانیاریی توندوتیژیی جێندەری (GBVIMS) داڕێژراوە. دەتوانرێت ئەم نموونەیە پیادە بکرێت بۆ بەکارهێنان لەو شوێنانەی کە هێشتا GBVIMS ی تێدا جێبەجێ نەکراوە*

## مەبەست

ئەم پرۆتۆکۆلە تایبەتە بە ئاڵوگۆڕی زانیاری، و پرەنسیپ و ڕێوشوێنەکانی ئاڵوگۆڕی داتای یەکخراوی نەناسێنەر دیاری دەکات بۆ کێیسە ڕاپۆرتکراوەکانی (توندوتیژیی جێندەری) لەگەڵ [لێرەدا ناوی [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] دەستنیشانکراو بنووسە] بەو سیفەتەی کە [ناوی ڕێکخراوی هەماهەنگیکار بنووسە: لەوانەیە ڕابەری نیمچە-هێشوو بێت، ڕابەری (گرووپی کاری توندوتیژیی جێندەریی) بێت، یان ڕێکخراوی ناحکومیی ڕابەر بێت، تاد] بۆ ئەوەی ڕابەری کاری ڕێگیریی و بەرسڤدانەوەی (توندوتیژیی جێندەری) بێت لە [ناوی وڵاتەکە لێرەدا بنووسە]

ئەو ڕێکخراوانەی داتا کۆدەکەنەوە دان بەوەدا دەنێن کە ئاڵوگۆڕ و وەرگرتنی داتای یەکخراوی GBV دەبێتە مایەی پتەوترکردنی هاوکاریی نێوان ئاژانسەکان، دەستنیشانکردنی کەموکورییەکان و کارکردن لەسەریان، ڕیزکردنی پێشەنگێتی بۆ کارەکان، و چاکترکردنی بەرنامەدانان بۆ ڕێگیری و بەرسڤدانەوە. هەروەها ڕەنگە ببێتە مایەی چاکترکردنی هەوڵەکانی داکۆکی، زیاترکردنی توانای کۆکردنەوەی دارایی و کۆمەك و خستنەگەڕی سەرچاوەکان، و چاکترکردنی پرۆسەی چاودێری. هەموو ئاژانسەکان زانیارییەکان دەپارێزن بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکە هیچ زیانێک بە هیچ ڕزگاربوویەک یان کۆمەڵگە نەگەیەنێت.

## ڕێسا بنچینەییەکان

ئەو زانیارییانەی کە ڕێکخراوەکانی کۆکردنەوەی داتا پێشکەشی [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] دەکەن تەنها بەو شێوەیەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە پێشکەشی دەکەن و هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی تێدا نابێت کە ناوی ڕزگاربووەکان یان ئاژانسەکان ئاشکرا بکات.

ئەو زانیارییانەی لە نێوان ئاژانسە جێبەجێکارەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە لایەن [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] ەوە یەک دەخرێت و دەکرێت بە ڕاپۆرتێک. دەتوانرێت ئەم ڕاپۆرتە لەگەڵ لایەنی دەرەکییدا ئاڵوگۆڕ بکرێت، واتە لەگەڵ لایەنی تری دەرەوە کە سەر بەم پرۆتۆکۆلی ئاڵوگۆڕی زانیارییە نین، بەڵام تەنێ بە ڕێپێدراوێتیی (تفویض، authorization) ی نووسراو و بە ڕێککەوتنی نێوان هەموو ئاژانسە جێبەجێکارەکان.

لێرەدا ناوی هەموو ئاژانسە/لایەنە ڕەزامەندەکان لەسەر ئاڵوگۆڕی زانیاری، بنووسە:

نابێت هیچ زانیارییەک ئاڵوگۆڕ بکرێت کە بە تایبەت پەیوەست بێت بە ڕزگاربوو و ئەگەری ئەوە هەبێت ببێتە مایەی ئاشکرابوونی ناسنامەی ڕزگاربوو، بۆ نموونە، ناو، پیتەکانی یەکەمی ناو، هەرێمەکەی، ڕۆژی لەدایکبوون، تاد.

کاتێک ڕێپێدراوێتیی (تفویض، authorization)ی نووسراو دەدرێت لەسەر ئاڵوگۆڕی داتا لەگەڵ دەرەوە، پێویستە [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] بە گوێرەی ئەم ڕاگەیەندراوە پەیوەندیدارانەی خوارەوە داتاکە ئاڵوگۆڕ بکات:

- **داتاکە تەنێ هی کێیسە ڕاپۆرتکراوەکانە**. داتای یەکخراو بە هیچ شێوەیەک بریتی نییە لە کۆی ڕووداوەکان یان بەربڵاوێتیی (تەشەنەی) توندوتیژیی جێندەریی شوێنێک یان چەند شوێنێک.

➢ داتای ئاوێتە و کەڵەکە کراو پشت بە ڕاپۆرتی یەکخراوی مانگانە دەبەستێت کە بەشدارەکانی GBVIMS بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە پێشکەشی دەکەن:
- پلاندانان و چاودێری و هەڵسەنگاندن بۆ بەرنامەی ڕێگیری و بەرسڤدانەوەی توندوتیژیی جێندەریی.
- دەستنیشانکردنی کەموکورییەکانی بەرنامەدانان و ئەو خزمەتگوزارییانەی دابین دەکرێن.
- دانانی ڕیزبەندیی پێشەنگێتی بۆ کارەکان و بۆ هەنگاوەکای داهاتوو.
- چاکترکردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان.
- دارشتنی سیاسەت و داکۆکی.
- خستنەگەڕی سەرچاوەکان.

**ڕاپۆرتی مانگانە[1] و ڕێوشوێنەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاریی**

1. ئەو ڕێکخراوانەی داتا کۆ دەکەنەوە ڕاپۆرتی مانگانە پێشکەش بە [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] دەکەن.
2. ڕاپۆرتەکان هەموو مانگێک لە [ڕۆژی] پێشکەش دەکرێت
3. ڕاپۆرتەکان ئەو زانیارییانەیان تێدا دەبێت کە لە (خشتەی ڕاپۆرتی مانگانە)دا دەستنیشان کراون (بڕوانە پاشگر)
4. دوو (2) هەفتە دوای وەرگرتنی ڕاپۆرتەکان لە ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی داتا، [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] هەموو ڕاپۆرتەکانی یەک خستووە، لەگەڵ پوختەیەکی شیکردنەوەی ئەو داتایەی وەریگرتووە. ئنجا ڕاپۆرتەکە یەکخراوەکە بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی داتا ڕەوانە دەکرێت، و تێیدا هەموو زانیارییە ناسێنەرەکان سڕراوەتەوە و لابراوە.
5. بواری ڕووماڵ (ناوچەی ڕووماڵکراو): ڕاپۆرتە یەکخراوەکان ڕەنگدانەوەی ئەم ناوچە جوگرافییانەن بە گوێرەی ئەو داتایەی ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی داتا لەسەر [ناوچە ڕووماڵکراوەکان بنووسە] داویانە.

**ئاسایشی داتا**

[ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] و ئەو ڕێکخراوانەی داتا کۆدەکەنەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەموو داتاکان پارێزراون و ڕێوشوێنی لەبار پیادە دەکەن بۆ پاراستنی نهێنیی داتاکە. ڕێکخراوەکان فایلێکی وۆرد پێشکەش دەکەن کە "تەنها دەتوانرێت بخوێندرێتەوە، ‘read only’" و پاسۆردیشی بۆ دادەنێن. پاسۆردی ئەو فایلانە لە نێو سەرجەم ئاژانسەکاندا ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت.

[ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] لە کاتی دانانی ئەم پرۆتۆکۆلەدا هێڵکارییەکی دارشتووە بۆ چۆنیەتیی کارکردن لەسەر داتاکە لە بواری:
- وەرگرتنی
- هەڵگرتنی/ سڕینەوەی
- پاراستنی لەناو کۆمپیوتەر
- کێ بەکاری دەهێنێت (کێ دەستی دەگاتە داتاکە و کۆمپیوتەرەکە)

**[ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی]**

ڕاپۆرتەکانی مانگانە لەگەڵ [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] ئاڵوگۆڕ دەکرێت بە حوکمی ئەوەی ڕێکخراوی ڕابەری GBV ییە. ئەگەر ڕابەرایەتییەکە ڕادەستی لایەنێکی تر بکرێت، ئەوسا هەر ڕێکخراوێک لە ڕێکخراوەکانی کۆکردنەوەی داتا پێداچوونەوەی پرۆتۆکۆلەکە دەکات.

**کاتێک لایەنی تر داوای زانیاری GBV دەکەن**

هەر کاتێک لایەنێک یان ئاژانسێکی دەرەکی، کە هێشتا لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی داتاوە ڕەزامەندی نەدراوە لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی داتا لەگەڵی، داواکاری پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی زانیاری GBVIMS، ئەوسا [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] داواکارییەکی نووسراو بۆ هەر ڕێکخراوێک لە ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی زانیاری ڕەوانە

[1] بڕوانە پاشگری ئەم بەڵگەنامەیە بۆ لیست و سامپڵەکانی خشتەی ڕاپۆرتەکان.

دەکات بۆ وەرگرتنی ڕێپێدانیان بە ئاڵوگۆڕکردنی داتا. هەر داواکارییەک بۆ وەرگرتنی مۆڵەت و ڕێپێدان بە ئاڵوگۆڕی داتای یەکخراوی GBVIMS ئەم خاڵانە دیاری دەکات: هۆ/مەبەست لە داواکردنی زانیارییەکە، کام زانیاری بەکاردەهێنرێت، چۆن زانیارییەکە بەکاردەهێنرێت، و چۆن ئەو زانیارییەی لە داتای یەکخراو و شیکردنەوەی یەکخراوەوە بەرهەم دەهێنرێت ڕەوانە دەکرێتەوە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی داتا.

داتای یەکخراو تەنها دوای وەرگرتنی ڕێپێدان و مۆڵەتی هەموو ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی داتا، ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت. کاتێک [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] داوای ڕێپێدان دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی داتا، ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی داتا لە ماوەی (5) ڕۆژ لە ڕۆژانی دەوام، وەڵامی داواکارییەکە دەدەنەوە.

پێویستە ئەو لایەنەی ڕەزامەندی پێدەدرێت بۆ وەرگرتنی داتای یەکخراوی GBVIMS، هەر کاتێک داواکاری پێگەیشت بۆ دەستەبەرکردنی ئەم داتا ئاڵوگۆڕکراوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوکارییەکە بدات بە [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی]. بۆ نموونە، ئەگەر وەزارەتی جێندەر داتای یەکخراوی وەرگرت لە ئاژانسەی یەکخستنەوە و ئنجا وەزارەتی داد داوای هەمان زانیاری لە وەزارەتی جێندەر بکات، ئەوسا پێویستە وەزارەتی جێندەر داواکارییەکەی وەزارەتی داد ڕەوانە بکات بۆ [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی]، کە ئەمیش لە لای خۆیەوە بەرپرسیار دەبێت لە بەرامبەر پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی زانیاریی پێش ئەوەی داتا یەکخراوەکە ڕەوانە بکات بۆ وەزارەتی داد.

لێرەدا ناوی هەموو ئەو ئاژانس/لایەنانە بنووسە کە کە ڕەزامەندی دراوە لەسەر دەستگەیشتنیان بە داتای یەکخراو.

بەم پرۆتۆکۆلی ئاڵوگۆڕی زانیارییە، ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی زانیاری تێدەگەن کە دەتوانن هەر داواکارییەکیان پێبگات بۆ زانیاریی یەکخراوی GBVIMS، داواکارییەکە ڕەوانە دەکەن بۆ [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی]، ئەمیش کاتێک دەتوانێت داتاکە ئاڵوگۆڕ بکات کە هەموو ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی داتا ڕێپێدان بدەن لە وەڵامی داواکارییە نووسراوەکەدا.

**سنووربەندیی کات (خشتەی کات)**

کاتێک ڕێککەوتن کرا، ئەم پرۆتۆکۆلی ئاڵوگۆڕی زانیارییە لە [بەروار] دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە و تا [بەروار] بە شێوەیەکی ئەزموون کاری پێدەکرێت، لەو ماوەیەشدا ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی زانیاری پێداچوونەوەی کاریگەر و بەکارهێنان و پابەندێتیی بە پرۆتۆکەلەکەوە، دەکەن.

ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی زانیاری مافی خۆیانە ئاڵوگۆڕی داتا ڕابگرن لەبەر هەر هۆیەک بێت لە هەر کاتێک بێت، و بە نووسین [ئاژانسی یەکخستنی نیشتمانیی] لەم بڕیارەیان ئاگادار دەکەنەوە کاتێک/ئەگەر ڕاییبوەستێنن.

**پێشێلکردن**

لە حاڵەتی پێشێلکاریدا لە لایەن هەر بەشدارێکی ئەم پرۆتۆکۆلی ئاڵوگۆڕی زانیارییەوە، ئەوسا کارکردن بە ئاڵوگۆڕی زانیاری ڕادەگیرێت تا ئەو کاتەی یەکلا دەکرێتەوە، لایەنە بەرپرسەکان لێپرسراو دەبن و پێداچوونەوەی پرۆتۆکۆلی ئاڵوگۆڕی زانیاریی دەکەن.

ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی داتا مافی خۆیانە ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر کێیسە ڕاپۆرتکراوەکانی GBV ڕەت بکەنەوە لەگەڵ هەر لایەنێکی دەرەکی.

# پاشگر
# خشتەی ڕاپۆرت

ئەمانەی خوارەوە بریتین لەو شێوانەی ڕاپۆرتەکان کە ڕێکخراوەکانی کۆکەرەوەی داتا ڕازین لەسەر پێشکەشکردنیان

ئەم ڕاپۆرتانە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دروست دەکرێن بە GBVIMS. ئەو ڕاپۆرتانەی بە بەرنامەی ئەکسلی (سیستمی

بەڕێوەبردنی زانیاری، IMS) دروست دەکرێن، دەگۆڕدرێن بە فایلی وۆرد.

## ڕاپۆرتی مانگانە

### 1. جۆری ڕووداو بە گوێرەی گروپی تەمەنی ڕزگاربووەکە

خشتەیەکی سامپڵ کە لە داتای خەیاڵییەوە دروست کراوە

| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | گروپی تەمەن | | | |
|---|---|---|---|---|
| جۆری ڕووداو | **تەمەن 0-11** | **تەمەن 12-17** | **تەمەن زیاتر لە 18** | **کۆی گشتیی** |
| GBV ی تر | 2 | 1 | 1 | 4 |
| بێبەریکردن لە سەرچاوە، هەل، یان خزمەتگوزاری | | | 4 | 4 |
| ئیغتیساب | 2 | | 1 | 3 |
| تەعدای جنسی | 1 | | 1 | 2 |
| بەدمامەڵەی دەروونیی/هەستو سۆز | 1 | | 1 | 2 |
| تەعدای جەستەیی | | | 2 | 2 |
| بڕینەوەی ئەندامی زاووزێی ئافرەت | | 1 | | 1 |
| هاوسەرگیری بە تۆپزی | 1 | | | 1 |
| کۆی گشتیی | 7 | 2 | 10 | 19 |

### 2. جۆری ڕووداوەکە بە گوێرەی جنس و باڵق/منداڵ

نموونەی خشتەیەکی دروستکراو لە داتای خەیاڵدانەوە:

| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | باڵق/منداڵ کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە | | جنسی ڕزگاربووەکە | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | **باڵق** | | **منداڵ** | | کۆی گشتیی |
| جۆری ڕووداو | **مێ** | **نێر** | **مێ** | **نێر** | |
| تەعدای جنسی | 1 | | 1 | | 2 |
| ئیغتیساب | 1 | | 1 | 1 | 3 |
| بەدمامەڵەی سایکۆلۆجی/هەستوسۆز | | 1 | | 1 | 2 |
| تەعدای جەستەیی | 2 | | | | 2 |
| GBV ی تر | 1 | | 2 | 1 | 4 |
| هاوسەرگیریی بە تۆپزی | | | 1 | | 1 |
| بڕینەوەی ئەندامی زاووزێی ئافرەت | | | 1 | | 1 |
| بێبەریکردن لە سەرچاوە، هەل، یان خزمەتگوزاریی | 3 | 1 | | | 4 |
| کۆی گشتیی | 8 | 2 | 6 | 3 | 19 |

**3. ڕووداوەکانی زەبروزەنگی هاوسەر بە گوێرەی جنسی ڕزگاربوو و بالق/منداڵ**

نموونەی خشتەیەکی دروستکراو لە داتای خەیاڵدانەوە:

| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | جنسی ڕزگاربوو | |
|---|---|---|
| باڵق/منداڵ کاتێک ڕووداوکە ڕوویدا | مێ | کۆی گشتیی |
| **باڵق** | 2 | 2 |
| کۆی گشتیی | 2 | 2 |

**4. ڕووداوەکانی بەدمامەڵەی جنسیی لەگەڵ منداڵ بە گوێرەی جنسی ڕزگاربووەکە**

نموونەی خشتەیەکی دروستکراو لە داتای خەیاڵدانەوە:

| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | جنسی ڕزگاربووەکە | | |
|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | کۆی گشتیی |
| کۆ | 2 | 1 | 3 |

**5. ڕووداوەکانی هاوسەرگیریی بە تۆپزیی بە گوێرەی جنسی ڕزگاربوو**

نموونەی خشتەیەکی دروستکراو لە داتای خەیاڵدانەوە:

| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | جنسی ڕزگاربوو | |
|---|---|---|
| | مێ | کۆی گشتیی |
| کۆ | 1 | 1 |

6. ڕووداوەکانی پیادەکردنی نەریتی ئازاربەخش بە گوێرەی جنسی رزگاربوو و باڵق/منداڵ

نموونەی خشتەیەکی دروستکراو لە داتای خەیاڵدانەوە

| ژمارەی ناسنامەی ڕزگاربوو | جنسی ڕزگاربوو | |
|---|---|---|
| باڵق/منداڵ کاتێک ڕووداوەکە ڕوویدا | مێ | کۆی گشتیی |
| **منداڵ** | 1 | 1 |
| کۆی گشتیی | 1 | 1 |

## خشتەی ڕێچکەی ڕەوانەکردن

7. **لە لایەن خزمەتبەخشەوە ڕەوانە کراوە**

نموونەی خشتەیەک لە داتای خەیاڵدانەوە دروست کراوە:

| | |
|---|---|
| | |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (مانگ/ساڵ) | ئازار-2009 |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (ساڵ) | (هەموو) |
| جۆری ڕووداو | (هەموو) |
| قەزا | (هەموو) |
| ناحیە | (هەموو) |
| | |
| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | |
| لە لایەن خزمەتبەخشەوە ڕەوانە کراوە | کۆ |
| یەکەم پەیوەندی | 2 |
| خزمەتگوزاریی تەندروستی/پزیشکیی | 3 |
| خزمەتگوزاریی یاسایی | 1 |
| بەرنامەی بژێوی | 1 |
| هی تر | 2 |
| دەستگای تری حکومی | 1 |
| لایەنی تری مرۆیی | 2 |
| پۆلیس/دەستگای تری ئاسایش | 2 |
| خانەی داڵدەدان/شێڵتەر | 2 |
| مامۆستا/بەرپرس لە قوتابخانە | 1 |
| ڕابەر لە کۆمەڵگە یان کامپ | 1 |
| راوێژکاریی سایکۆلۆجی/کۆمەڵایەتی | 1 |
| کۆی گشتیی | 19 |
| | |
| | |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (مانگ/ساڵ) | ئازار-2009 |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (ساڵ) | (هەموو) |
| جۆری ڕووداو | (هەموو) |
| قەزا | (هەموو) |
| | |
| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | |
| **خزمەتگوزاریی تەندروستی/پزیشکیی** | کۆ |
| ڕەوانەکراوە | 6 |
| خزمەتگوزارییەکە پێشتر وەرگیراوە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە بەردەست نییە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە لە لایەن ئاژانسی ڕاپۆرتنووسەوە دابین کروە | 5 |
| ڕزگاربووەکە ڕەوانەکردنەکەیی ڕەت کردۆتەوە | 3 |
| ناتوانرێت خزمەتکوزارییەکە دابین بکرێت | 1 |
| کۆی گشتیی | 19 |
| | |
| | |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (مانگ/ساڵ) | ئازار- |

| | |
|---|---|
| | 2009 |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (ساڵ) | (هەموو) |
| جۆری ڕووداو | (هەموو) |
| قەزا | (هەموو) |
| | |
| | |
| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | |
| **پۆلیس/دەستگای تری ئاسایش** | کۆ |
| ڕزگاربووەکە ڕەوانەکردنەکەی ڕەت کردۆتەوە | 3 |
| ڕەوانەکرا | 6 |
| خزمەتگوزارییەکە پێشتر وەرگیراوە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە بەردەست نییە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە لە لایەن ئاژانسی ڕاپۆرتنووسەوە دابین کراوە | 5 |
| ناتوانرێت خزمەتگوزارییەک دابین بکرێت | 1 |
| کۆی گشتیی | 19 |
| | |
| | |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (مانگ/ساڵ) | ئازار - 2009 |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (ساڵ) | (هەموو) |
| جۆری ڕووداو | (هەموو) |
| قەزا | (هەموو) |
| | |
| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | |
| **ڕاوێژی کۆمەڵایەتی/دەروونیی** | کۆ |
| ڕزگاربووەکە ڕەوانەکردنەکەی ڕەت کردۆتەوە | 3 |
| ڕوانە کراوە | 6 |
| خزمەتگوزارییەکە پێشتر وەرگیراوە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە بەردەست نییە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە لە لایەن ئاژانسی ڕاپۆرتنووسەوە دابین کراوە | 5 |
| ناتوانرێت خزمەتگوزارییەکە دابین بکرێت | 1 |
| کۆی گشتی | 19 |
| | |
| | |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (مانگ/ساڵ) | ئازار- 2009 |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (ساڵ) | (هەموو) |
| جۆری ڕووداو | (هەموو) |
| قەزا | (هەموو) |
| | |
| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | |
| **خزمەتگوزاریی یاسایی** | کۆ |
| ڕزگاربووەکە ڕەوانەکردنەکەی ڕەت کردەوە | 3 |
| ڕەوانە کرا | 6 |
| خزمەتگوزارییەکە پێشتر وەرگیراوە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە بەردەست نییە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە لە لایەن ئاژانسی ڕاپۆرتنووسەوە دابینکراوە | 5 |
| ناتوانرێت خزمەتگوزارییەکە دابین بکرێت | 1 |
| کۆی گشتیی | 19 |

| | |
|---|---|
| | |
| | |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (مانگ/ساڵ) | ئازار - 2009 |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (ساڵ) | (هەموو) |
| جۆری ڕووداو | (هەموو) |
| قەزا | (هەموو) |
| | |
| | |
| | |
| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | |
| **بەرنامەی بژێوی** | کۆ |
| ڕەوانەکرا | 6 |
| خزمەتگوزارییەکە پێشتر وەرگیراوە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە بەردەست نییە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە لە لایەن ئاژانسی ڕاپۆرتنووسەوە دابینکراوە | 5 |
| ڕزگاربووەکە خزمەتگوزارییەکەی ڕەت کردەوە | 3 |
| ناتوانرێت خزمەتگوزارییەکە دابین بکرێت | 1 |
| کۆی گشتیی | 19 |
| | |
| | |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (مانگ/ساڵ) | ئازار - 2009 |
| بەرواری ڕاپۆرتی ڕووداو (ساڵ) | (هەموو) |
| جۆری ڕووداو | (هەموو) |
| قەزا | (هەموو) |
| | |
| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | |
| **خانەی داڵدەدان/شێڵتەر** | کۆ |
| ڕزگاربووەکە خزمەتگوزارییەکەی ڕەت کردەوە | 3 |
| ڕەوانەکرا | 6 |
| خزمەتگوزارییەکە پێشتر وەرگیراوە | 2 |
| خزمەتگوزارییەکە بەردەست نییە | 2 |
| ناتوانرێت خزمەتگوزارییەکە دابین بکرێت | 1 |
| خزمەتگوزارییەکە لە لایەن ئاژانسی ڕاپۆرتنووسەوە دابینکراوە | 5 |
| کۆی گشتی | 19 |

**8. تەمەن و جنسی جینایەتکارەکە (الجاني، Perpetrator)**

نموونەی خشتەی دروستکراو لە داتای خەیاڵدان:

| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | | |
|---|---|---|
| جنسی جینایەتکار | تەمەنی جینایەتکار | کۆ |
| مێ | تەمەن 12-17 | 1 |
| | تەمەن 41+ | 1 |
| | نەزانراو | 1 |
| مێ کۆ | | 3 |
| نێر | تەمەن 12-17 | 2 |
| | تەمەن 18-25 | 1 |
| | تەمەن 26-40 | 2 |
| | چەند جینایەتکارێک کە تەمەنیان لە یەکتری جیاوازە | 3 |
| | نەزانراو | 1 |
| | تەمەن 0-11 | 3 |
| نێر کۆ | | 12 |
| کۆی گشتیی | | 15 |

# ڕاپۆرتی چارەکییانە (سێ مانگ جارێک، دوري، **Quarterly** )

1. **پەیوەندیی جینایەتکار**

نموونەی خشتەیەک کە لە داتای خەیاڵدانەوە دروست کراوە

| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | | |
|---|---|---|
| پەیوەندیی جینایەتکارە مدعییەکە | جۆری ڕووداو | کۆ |
| هاوسەر/هاوسەری پێشوو | تەعدای جەستەیی | 1 |
| | تەعدای جنسیی | 1 |
| | بێبەریکردن لە سەرچاوە، هەل، یان خزمەتگوزاری | 1 |
| | بەدمامەڵەی سایکۆلۆجی/هەستوسۆز | 1 |
| | برینەوەی ئەندامی زاووزێی ئافرەت | 1 |
| هاوسەر/هاوسەری پێشوو | | 5 |
| سەرپەرشتیار/کارمەند | هاوسەرگیری بە تۆپزیی | 1 |
| | GBV ی تر | 1 |
| | ئیغتیساب | 1 |
| | تەعدای جنسیی | 1 |
| | بێبەریکردن لە سەرچاوە، هەل، و خزمەتگوزاریی | 1 |
| کۆ سەرپەرشتیار/کارمەند | | 5 |
| ئەندامی خێزان بێجگە لە هاوسەر | هاوسەرگیریی بە تۆپزیی | 1 |
| | GBV ی تر | 1 |
| | تەعدای جەستەیی | 1 |
| | ئیغتیساب | 1 |
| | بەدمامەڵەی سایکۆلۆجی/هەستوسۆز | 1 |
| کۆ ئەندامی خێزان بێجگە لە هاوسەر | | 5 |
| مامۆستا | هاوسەرگیریی بە تۆپزی | 1 |
| | GBV ی تر | 1 |
| | تەعدای جەستەیی | 1 |
| | تەعدای جنسیی | 1 |
| | بەدمامەڵەی دەروونیی/هەستوسۆز | 1 |
| مامۆستا کۆ | | 5 |

| | | |
|---|---|---|
| هاوڕێی قوتابخانە | تەعدای جەستەیی<br>ئیغتیساب<br>تەعدای جنسیی<br>بێبەریکردن لە سەرچاوە، هەل، و خزمەتگوزاریی<br>بەدمامەڵەی سایکۆلۆجی/هەستوسۆز | 1<br>1<br>1<br>1<br>1 |
| کۆ هاوڕێی قوتابخانە | | 5 |
| هی تر/ لێرەدا نیە (ناتوانرێت دیاری بکرێت) | هاوسەرگیریی بە تۆپزی<br>GBV ی تر<br>تەعدای جەستەیی<br>ئیغتیساب | 1<br>1<br>1<br>1 |
| کۆ هی تر /ناتوانرێت دیاری بکرێت | | 4 |
| هی تر دانیشتووی کۆمەڵگەکە | GBV ی تر<br>تەعدای جەستەیی<br>تەعدای جنسیی<br>بەدمامەڵەی سایکۆلۆجی/هەستوسۆز | 1<br>1<br>1<br>1 |
| کۆ هی دانیشتووی کۆمەڵگەکە | | 4 |
| | | |
| بەخێوکەر | هاوسەرگیری بە تۆپزی<br>GBV ی تر<br>ئیغتیساب<br>بێبەریکردن لە سەرچاوە، هەل، و خزمەتگوزاریی | 1<br>1<br>1<br>1 |
| کۆ بەخێوکەر | | 4 |
| نەزانراو | هاوسەرگیری بە تۆپزیی<br>ئیغتیساب<br>تەعدای جنسیی<br>بێبەریکردن لە سەرچاوە، هەل، و خزمەتگوزاریی | 1<br>1<br>1<br>1 |
| کۆ نەزانرا | | 4 |
| هی تر پەناهندە/ئاوارەی ناوخۆ/ گەڕاوە | ئیغتیساب<br>تەعدای جنسیی<br>بێبەریکردن لە سەرچاوە، هەل، و خزمەتگوزاریی<br>بەدمامەڵەی سایکۆلۆجی/هەستوسۆز | 1<br>1<br>1<br>1 |
| کۆ هی تر پەناهندە/ئاوارەی ناوخۆ/ گەڕاوە | | 4 |
| کۆی گشتیی | | 45 |

**2. ژمارەی ئەو ڕۆژانەی دەکەوێت نێوان (ڕۆژی ڕووداوەکە) و (ڕۆژی ڕاپۆرتکردنی ڕووداوەکە) بۆ ڕووداوەکانی تەعدای جەستەیی، ئیغتیساب، و تەعدای جنسیی**

نموونەی خشتەیەک کە لە داتای خەیاڵدانەوە دروست کراوە

| ژمارەی ناسنامەی ڕووداو | | |
|---|---|---|
| جۆری ڕووداو | تێکڕای ژمارەی ڕۆژەکانی نێوان ڕۆژی ڕووداوەکە و ڕۆژی ڕاپۆرتکردنەکە | کۆ |
| تەعدای جەستەیی | 0-3 ڕۆژ<br>زیاتر لە 2 هەفتە و کەمتر لە مانگێک<br>زیاتر لە مانگێک | 1<br>2<br>3 |
| ئیغتیساب | 0-3 ڕۆژ<br>6-14 ڕۆژ<br>زیاتر لە مانگێک | 1<br>1<br>5 |
| تەعدای جنسیی | 0-3 ڕۆژ<br>زیاتر لە مانگێک | 2<br>5 |
| کۆی گشتیی | | 20 |

3. **کاتی ڕوودانی ڕووداوەکاوە لە ڕۆژەکەدا** (بێجگە لە بەدمامەڵەی دەروونی، بەدمامەڵەی ئابووری، و هاوسەرگیریی بە تۆپزیی)

نموونەی خشتەیەک کە لە داتای خەیاڵدانەوە دروست کراوە

